Diakonie Ruhr

# کۆچ کردن و هەڵهاتن

## ئامۆژگاری ڕێکاری پەنابەری

Kurdisch Sorani

Консультации по процедурам предоставления убежища

Consultation sur les procedurés d‘asile

استشارة بشأن إجراءات اللجوء

İltica süreci danışmanlığı

Asylverfahrensberatung

د پناه غوښتنې پروسیجرونو مشوره

Asylum procedures consultation

Şîretê li ser prosedurên penaberiyê

مُشاوِرە رَویە های پَناهَندِگی

## لە کوێ دەتوانم ئامۆژگارییەکان وەربگرم ؟

لێرەدا لە ناوچەی گواستنەوەدا دەماندۆزنەوە .
هەر پرسیارێکتان هەیە بە خۆشحاڵیەوە
پەیوەندیمان پێوە بکەن .
(ئامۆژگاری ڕێکاری پەنابەری دیاکۆنی - یەلەک سەوزەکان)

## شێوازەکانی ئامۆژگاری ؟

- تاکەکەسی، نهێنی و بێ بەرامبەر .

## ئامۆژگاری لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون :

هەروەها ئۆفەرەکانی ڕاوێژکاری لە شوێنەکانی
تری نیشتەجێبووندا بەردەستن .
لەوێ پرسیاری شوێنی ڕاوێژکاران بکەن .



## مافەکانی پەناخوازان :

1. مافی پێشکەشکردنی داواکاری.
2. مافی زانیاری سەبارەت بە ئامۆژگاری.
3. مافی ئەوەی کە گوێت لێ بگیرێت.
4. مافی هاوکاری یاسایی.
5. مافی پاراستنی یاسای دادوەری.

## تێبینیەکانم:

SCAN ME


Innere Mission
Diakonisches Werk Bochum e.V.
Fachdienst-Migration und Flucht
Asylverfahrensberatung in der
Landeserstaufnahmeeinrichtung
(LEA) NRW, Bochum
www.diakonie-ruhr.de


Diakonie Ruhr


Gefördert durch:

Bundesministerium des Innern und für Heimat

aufgrund eines Beschlusses des Deutschen Bundestages

# پرۆسەی ڕێکاری پەنابەری لە ئەڵمانیا




### 1. پێشکەشکردنی داواکاری

ئەو کەسەی، بەدوای پارێزگاری دا دەگەڕێت لە ئەڵمانیا، داوای مافی پەنابەری لە ( BAMF ) فەرمانگەی فیدڕاڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران دەکات .





### 2. یەکەم چاوپێکەوتن :

دوای پێشکەشکردنی داوا یەکەم چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرێت، کە تێیدا گرنگترین زانیاری کەسیایەتی پەناخواز تۆمار دەکرێت.



### 3. گوێگرتن :

هۆکارەکانی هەڵهاتنەکە پێویستە بە وردی ڕوون بکرێنەوە، جگە لەوەش پشکنینی لەسەر دەکرێت، ئایا وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا بەرپرسیارە لە ڕێکاری پەنابەری ( ڕێکاری دوبلین ) .



### 4. بڕیاری BAMF :

بە پشتبەستن بە زانیاریە کۆکراوەکان BAMF دەگاتە بڕیارێک لەسەر دانپێدانان یان ڕەتکردنەوەی داوای پەنابەری.



### 5. هەنگاوە یاساییەکان

ئەگەر داواکاری پەنابەری ڕەتکرایەوە، پەناخوازان مافی خۆیانە، لە ماوەی دیاریکراوی دوا وادە دا سکاڵا پێشکەش بە دادگای پەیوەندیدار بکات .

## گرنگ :

ڕێکارەکانی پەنابەری ئەکرێت چەند هەفتەیەک تاوەکو چەند مانگێکیش بخایەنێت .
زۆر گرنگە، کە هەردەم ناونیشانی نوێی خۆت بدەی بە BAMF .

**Diakonie Ruhr**

## ئێمە چی دەکەین ؟

ئامۆژگاری ڕێکارەکانی پەنابەری،
ئامۆژگاری و پاڵپشتی ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە داوای پاراستن و پەنابەری دەکەن،
بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و پرۆسەی ڕێکاری پەنابەری.
هەروەها دەتوانن سوودمەند بن لەم ڕێنمایانە ئەگەر داواکاری دووەم یان بەدواداچوون پێشکەش بکەن .
هەروەها دەتوانن سەبارەت بە ڕێکارەکانی کشانەوە و گەڕانەوە هەتا کۆتا بڕیار لە ڕێکاری پەنابەریدا داوای ڕاوێژ بکەن .

## یەک بە یەک ئامۆژگاری سەربەخۆ و بێ بەرامبەر و نهێنی پارێز لەسەر ئەم بابەتانە وەردەگریت:

- ڕێکارەکانی پەنابەری لە ئەڵمانیا
- ڕێکارەکانی پەنجەمۆر (دوبلین)
- داواکاری مافی پەنابەری
- ماف و ئەرکەکانتان لە ڕێکاری پەنابەریدا
- گواستنەوە : لەکوێ یارمەتی وەرئەگرم لە شوێنە نوێیەکەم ؟
- خۆ ئامادەکردن بۆ دانیشتنی دادگا
- هەڵبژاردەکانی بڕیاردان لەسەر ڕێکاری پەنابەری